گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لایەنی کارگێری شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی 1961_1970

**پ.ی.د ئازاد عوبێد ساڵح**
بەشی مێژوو, کۆلێژی ئەدەبیات, زانکۆی سەلاحەدین، هةولیر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
Azad-ubed@yahoo.com

**علی رسول عمر خدر**
بەشی مێژوو, کۆلێژی ئەدەبیات, زانکۆی سەلاحەدین، هةولیر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
Honorhonor747@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٢٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٤/٢٧
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
South, Kurdistan, Revolution, September, Released

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.19

## پوختە

شۆڕشی ئەیلوول لەنێوان ساڵانی 1961_1970 لە مێژووی هاوچەرخی کورد، بەیەکێک لەگرینگترین رووداوە مێژووییەکان دادەندرێت، بۆ خەباتکردن لە پێناو بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کە پانتاییەکی جوگرافی فراوانی لەخۆ گرتبوو هەر لە زاخۆ تا خانەقین. لەڕاستیدا شۆڕشی ئەیلوول تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو جۆرێک لەحکومەتی خۆبەرێوەبەری بوو لەباشووری کوردستان، لەبەرئەوەی شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان جگەلە بارەگای هێزی پێشمەرگە و رۆژنامە و ڕادیۆ دامەزراوەی دیکەی وەک دادگا، قوتابخانە، نەخۆشخانە،...تاد هەبووە، ئەوانە رۆڵی بەرچاویان بینیووە لەچارەسەری کێشەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و گەیاندنی پەیامی شۆڕش بەناوەوە و دەرەوە، ئەوەش وەڵامدانەوەیەکی باش بوو بۆئەوەی بڵێن کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو دەتوانێت خۆی حکومی خۆی بکات. لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم سنووری کارگێری ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان، هەرچی تەوەری دووەمیشە ئەوا لە چۆنیەتی بەرێوەبەردنی ناوچە ئازادکراوەکان دەدوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەكی:

لایەنی كارگێڕی ناوچە ئازادكراوەكانی باشووری كوردستان لەنێوان ساڵانی 1961-1970 چوارچێوەی لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە، بایەخ تایبەتمەندی زۆری لەمێژووی هاوچەرخی گەلی كورد دا هەیە، چونكە شۆڕشی ئەیلوول وەرچەرخانێكی گرینگی لەژیانی سیاسی باشووری كوردستان هێنایە ئاراوە. ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول جیا دەكاتەوە لە شۆڕشەكانی دیكەی كورد بەتەنیا شۆڕشێكی چەكداری نەبوو، بەڵكو شۆڕشێكی چەكداری، سیاسی و كۆمەڵایەتی بوو، سەرەڕای ئەوەی بە درێژترین شۆڕش دادەندرێت بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكان خەباتی كردووە و ڕەنگدانەوەیەكی باشی بەسەر پێكهاتە ئاینی و نەتەوەییەكانی كوردستان دا هەبووە هەر لە زاخۆوە تاكو خانەقین.

لەو سۆنگەیەوە هۆكاری هەڵبژاردنی ناوونیشانی توێژینەوەكەمان(لایەنی كارگێڕی ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە، لەلایەك شۆڕشی ئەیلوول لە ساتە وەختێك هەڵگیرسا كە خەریك بوو شوناسی كورد بزر دەبوو، هۆكارەكەشی ستەمكاری كاربەدەستانی عێراق بووە، لەلایەكی دیكەشەوە هیچ سەرچاوەیەكی تۆكمە و ورد نەبوو لەسەر لایەنی كارگێڕی ناوچە ئازادكراوەكان بۆ ئەوەی ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادكراوەكان بین. ئەو توێژینەوەیە لەدوو تەوەر پێك هاتووە، تەوەری یەكەم باس لەسنووری كارگێری ناوچە ئازادكراوەكانی باشووری كوردستان دەكات، هەرچی تەوەری دووەمە باس لەلایەنی كارگێڕی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادكراوەكان دەكات.

لێكۆڵینەوە لەهەر بابەتێكدا كۆمەڵێك كۆسپ و تەگەرەی دێتە پێش، هەر لەسەرچاوە تاوەكو دەگاتە بەڵگەنامەی مێژووی كە بەهەوێنی نوسینەوەی مێژوو دادەندرێت، بەتایبەت شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی ئەو ڕووداو و كارەساتانەی دوایی بەشێكی زۆری بەڵگەنامەكان لەناوچوون، دەكرا ئەرشیفێكی گەورەیی نەتەوەیی لێ بەرهەم بێت. جگەلەوە چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەو كەسایەتییانەی ناو شۆڕش زۆر جار دەبووە ئاستەنگ، لەبەر ئەوەی بەشێك لەكەسایەتییەكانی ناو شۆڕش كە زانیاری باشیان لابوو خۆیان لە دیمانەكردندا دەبوارد، هەندێك لەكەسایەتییەكانیش لەژیاندا نەمابوون ئەوانەی لەژیانیش دا ماون زانیاری تەواویان لەسەر ئەو بابەتە نەبوو كە هەڵمان بژاردووە، ئەوانە كۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگ بوون لەمیانەی نوسینەوەی لێكۆڵینەوە هاتنە پێش.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ئەم کارە توێژەر پشتی بە سەرچاوەی جۆراو جۆر بەستووە، لەوانە بەڵگەنامە لە دوو توێی کتێبە بەڵگەنامەییەکان لەوانە کتێبی مەسعود بارزانی (بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد1961ـ1975 سوودی زۆری بە لێکۆلینەوەکەمان گەیاندووە، چونکە یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان ڕووداوەکانی بەپێی ساڵ گێراوەتەوە، کتێبی عبدالله مەلازادە بەناوی شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلوول1965ـ1975، کتێبی مام جەلال بەناونیشانی(دیداری تەمەن لەلاوییەتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری) ، هەروەها بیرەوەرییەکانی محسن دزەیی(وێستگەکانی ژیانم)یەکێك بووە لەسەرچاوە بەسوودەکان چونکە هاوچەرخی ڕووداوەکان بووە ، پەرتوکی د.ئازاد عوبێد سالح بەناوی کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی لەباشووری کوردستاندا 1961ـ 1975. د. شوان محمدئەمین خۆشناو بەناوونیشانی هەولێر لەنێوان ساڵانی 1963ـ 1970 .سەرچاوەی دیکەی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کەسانی ناو شۆڕشی ئەیلوول کەرۆڵیان لە ڕووداوەکان دیار بووە:

یەکەم : بیرەوەرییە بڵاوکراوەکان وەک عبدالله رەسول پشدەری، شۆڕشی ئەیلوولی 1961دژی ڕژێمی قاسم، خورشید شێرە خەبات و خوێن، حاجی میرخان دۆڵەمەری گەڕان بەدوای دادپەروەری دا، فەرهاد عونی لەگەڵ ڕووداوەکان، سەید کاکە بیرەوەری پێشمەرگەیەک .

دووەم: بیرەوەری بڵاوکراوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە یادی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا.

چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکان بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە بایەخی زۆری هەبووە، لەبەرئەوەی بەشداری شۆڕش بوونەو ڕاستەخۆ لەناو ڕووداوەکاندا بوون، لەوانە دکتۆر مەحموود عوسمان عەلی، عبدالله مەلازادە، شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، مەحەمەد حەمید قارەمان زەنگەنە .

ڕۆژنامەکان وەک خەبات ، برایەتی . هەروەها گۆڤارەکان لەوانە کادر،دەنگی پێشمەرگە، باڵەک،گۆڤاری مێژوو، پەیامی ئەیلوول،ڕۆژی پێشمەرگە .

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین ئەو هەوڵە بێ کەم و کورتی نییە بەو هیواین خزمەت بە مێژووی کوردستان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بکات.

## بەشی یەکەم: سنووری کارگێڕیی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان

### تەوەرەی یەکەم: سنووری کارگێڕی ناوچە ئازاد کراوەکان:

ڕووداوەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش و دەسکەوتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تاڕادەیەکی باش سنووری ناوچەی ئازادکراوەکانی دیاریکردووە، هەر لەزاخۆ تاکو خانەقین، بەڵام ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنووره گۆڕانکاری بەردەوامی بەخۆیەوە بینیووە بەهۆی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەندێ جاریش بەهۆی شکستهێنان لەبەرەکانی جەنگ، لایەنگرانی پارتی لەدەربەندیخان و دەربەندنی بازیان و دۆڵی خەلەکان و دەوروبەری دهۆك ڕووبەرووی حكومەت بوونەوە و تەنانەت پێکدادانیشی لێکەوتەوە. (بارزانی، ٢٠٢٠)هێزی ئاسمانی عێراق لە ڕێکەوتی 1961/9/9بۆمبارانی ناوچەی دەربەندیخان و خەلەکان[1] ی کرد دوو ڕۆژ دواتر بۆمبارانی دەربەندی بازیانی کرد لە ڕۆژی11/ 1961/9، لەدرێژەی بۆمبارانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە1961/11/16ناوچەی بارزانی بۆردوومانکرد. .

سنووری ناوچە ئازادکراوەکان لە سەرەتادا بەهۆی سروشتی ناوچەکە و شۆڕش وای کرد هێزی پێشمەرگە پێدەشتەکان و شارە گەورەکان جێ بهێڵێت لەپێناو پاراستنی خەڵکی کوردستان، چونکە بەرگریکردن لەوناوچانە ئەستەم بوو. ( (ڕەحمان, ٢٠١٠). مەلامستەفا (1979/1903) دوای دەرچوونی لەگەڵ پێشمەرگەکانی لەناوچەی بارزان دەگاتە ناوچەی هۆزی نێروەیی لە ڕۆژی 1961/10/20 چەند کەسایەتییەکی ئەو هۆزە دەچنە ناو شۆڕش، پاشان لەناوچەی (بەرواری ژووری چەند کەسێکی دیاری ئەم هۆزە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، لەناوچەی گولی موحەممەد حاجی صادق گولی لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕش ڕاگەیاند، دواتریش لەڕۆژی 1961/11/15 لەناوچەی سلێڤانی چەند کەسایەتییەکی دیکە هاتنە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول (ڕدێنی، دەستپێکا شۆڕشا ئەیلولێ لە دەڤەرا بەهدینان ١٩٦١ - ١٩٦٣ ، ٢٠١٦)لەبەرواری باڵا موحسین بەگ و چەکدارانی کوردی سەر بە حکومەت لەگەڵ هێزەکانی حکومەت لەشاخی گامێرگی دەرکران، پاشان ناچاربوون کانی ماسێ جێبهێڵن.(گەردی:2021، 179)، ئەم ڕووداوانە لەکۆتاییەکانی مانگی 1961/1 ڕوویاندا، بەم جۆرە کانی ماسێ و گوندەکانی دەوروبەری کەوتنە دەست شۆڕش، تەنها هەندێك چەکداری کوردی سەر بە حکومەت لە گوندەکانی تشیش و سەرەڕۆ مابوون بە ماوەیەکی کەم ئەم دوو گوندەش ئازاد کران (دۆڵەمەری, ٢٠٢١)، لەهەمان ساڵدا لەڕۆژی1961/12/10 سەرسەنگ لە دەستی هێزەکانی حکومەت ئازاد کراو دۆڵی زاویتە کەبەسەر دەهۆکدا دەڕوانێت کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی شۆڕش، لە 1961/12/12حکومەتی عێراق هێزەکانی کۆکردبووەوە بۆ هێرشێکی بەربڵاو سەرئەنجام لەشەڕێکی زۆر سەختدا پێشمەرگە توانی سەربکەوێت بەسەرسوپای عێراقدا (بارزانی، ٢٠٢٠).

[1] شارەدێیەکە سەر بە قەزای دوکان لە ڕووی کارگێرییەوە سەربە پارێزگای سلێمانییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەواوکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنی ناوچەی بادینان:

لەڕۆژی 11ی ئەیلوولی ساڵی 1961 تاکۆتایی مانگی شوباتی ساڵی 1962 بەشێکی زۆری ناوچەکانی بادینان ئازاد کران، تەنیا ناوەندی شارەکان بەدەست حکومەتی عێراق مایەوە، بارزانی بۆ ساڵی دووەمی شۆڕش نەخشەیەکی نوێی دانا بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی دیکەی بادینان، نەخشەکە بەجۆرێک بوو کە تەواوی بەرواری ژێری، مزوری ژێری، قەزای شێخان، ئاکرێ، دەڤەری زێباری، گۆران، سورچیایەتی و ناوچەی ئێزیدییەکان تا نزیك مووسڵی دەگرتەوە (دۆڵەمەری، ٢٠٢١)، پێشمەرگە بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی دوای چەند کردەییەکی سەربازی کاریگەر دیارترینیان شەڕی لۆمانا بوو، سەرئەنجامی ئەو شەڕە شکستێکی گەورەی سوپای عێراق بوو( (فندی, ١٩٩٥) بەجۆرێک حکومەت توانای بەسەر ڕێگا گشتییەکاندا نەما، بارزانی ئەرکی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی لەسنووری دەهۆك بە عەلی خەلیل ، لەقەزای ئامێدی بە ئەسعەد خۆشەوی ، لە قەزای زاخۆ بە عیسا سوار سپارد، ئەم سێ سەرکردەیە بەلێهاتوویێکی زۆر توانیان دەست بەسەر تەواوی ئەو ناوچانەدابگرن، دوای ئەوە نەخشەی جوڵەپێکردنی هێزی پێشمەرگەی هەبوو بۆ ناوچەکانی دیکە بۆ ئەو مەبەستە سوودی لەزستانی سەختی ناوچەکە وەرگرت، جووڵەی هێزی پێشمەرگە لە لایەن مستەفا بارزانی لەکاتێکدا بوو کە بڕیارییدا بەدانانی(ئەسعەد خۆشەوی بە سەرکردەی لەشکری بادینان، (جاف و.، ٢٠٠٢)، بەم شێوازە پێشڕەوییەکان بەردەوام بوو تاوەکو پێشمەرگە توانی ناوچەی شێخان ئازادبکات، لەئەنجامدا بارزانی چەند بنکەییەکی سەربازی بەهێزی لەناوچەکانی دهۆك و زاخۆ و ئامێدی و شێخان دامەزراند (دۆڵەمەری، ٢٠٢١).

ڕۆژی سێ شەممە لە1962/4/3هێزی پێشمەرگە توانی شارۆچکەی ئەتروش ئازاد بکات، سەرکردایەتی کردنی بەرەکانی شەڕ لەڕێگەی لەشکری یەکی بادینان کەئەسعەد خۆشەوی سەرلەشکر سەرپەرشتی دەکرد، سەرەتا بارەگاکەی لە گوندی گەرمکێ بوو، دواتر گواسترایەوە بۆ گوندی ئەدەنی ، پاشان لەبەر هۆکاری ئەمنی گواسترایەوە بۆ دەڤەری بەرواری باڵا تاوەکو ساڵی 1970 بارەگاکەی هەر لەوێ بوو، بارەگای هێزی دهۆك کە عەلی خەلیل خۆشەوی سەرپەرشتی دەکرد، لەگوندی گەلناسکێ بوولەنێوان ساڵانی1962ــ1965.بارەگای هێزی زاخۆ لەلایەن عیسا سوار سەرپەرشتی دەکرا، سەرەتا بارەگاکەی لە گوندی بێدۆهێ بوو، دواتر گواسترایەوە بۆ گوندی ئەرمشت ، هەرچی بارەگای هێزی شێخان-و ئاکرێ بوو لەلایەن حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی سەرپەرشتی دەکرا، سەرەتا بارەگاکەی

لە گوندی بێکیات بوو، تاوەکو پایزی ساڵی 196، دواتر گوازراییەوە بۆ گوندی بیروباسفرا.(ڕدێنی، داستانا گەلێن زاخۆ ل نیسانا ١٩٦٢، ٢٠١١).

بارزانی لەپێشڕەوییەکانی بەردەوام بوو توانی ناوچەکانی نەهلە و زێبار لەهێزی حکومەت پاك بکاتەوە، دواتریش مەلاشنی قورتاسی کردە سەرکردەی ئەو دەڤەرە (فندی، ١٩٩٥) لەدوای ڕزگارکردنی بریفکان و ئەتروش و قەزای شێخان تا مەقلوب و ناوچەی ئێزیدییەکان و تا مووسڵ و ناوچەی گۆران، لەلایەکی دیکەوە دەوروبەری قەزای ئاکرێ و ناوچەی سورچیایەتی و قەندیل تا بێخمە بەتەواوی ئازادکران، لە1963/8/20سوپای عێراق هێرشی کردە سەر چیای مەتین، دوای بەرگریکردنی زۆری هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی 45 ڕۆژ، هەرچەندە حکومەت سەرەتا سەرکەوتووبوو، بەڵام لە10/5/ 1963 توانرا ئەم چیاییە بگەڕێتەوە ژێر دەستی پێشمەرگە، لەو جێگە نوێیانە بارەگای هێزی پێشمەرگە جێگیر کران، دواتر بارزانی نەخشەیەکی نوێی بۆ شۆڕش دانا بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەی سۆران، پاش ئەوەی دڵنیابوو لە بەرەی بەرگریکردن لەناوچەکانی بادینان هەر لەزاخۆ، گەلی سپی، دەهۆك، شێخان، باعەدری، سەری ئاکرێ وەك بەرەییەکی تۆکمەی جێگیر کە بوونە بەشێک لەناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان (دۆڵەمەری، ٢٠٢١).

### ڕۆیشتن بەرەو ناوچەی سۆران:

پاش ئەوەی مستەفا بارزانی ناوچەکانی بادینانی ئازادکرد و ڕێکخستنی تەواوەتی دانا، ئەوجا بڕیاری ڕۆیشتنی لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە دا بۆ ناوچەکانی سۆران، دوای ئەوەی کە سەرۆك عەشیرەتەکانی سۆران خۆیان گەیاندە بارزانی و پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی، ڕاستەوخۆ بەرەو ناوچەکانی باڵەکایەتی ڕۆیشت بۆ ناوەندی شارەدێی گەلاڵە 40ڕۆژ لە گەمارۆدانی بنکەی پۆلیسی ڕایات ئازادکرا.(پشدەری، ١٩٩٧)، ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە پێش ئەوەی هێزی پێشمەرگە بگاتە ناوچەی باڵەکایەتی و پاککردنەوەی لەحکومەت، جوندیان و گوندی بێشێ تا دەگاتە پردی حافز هەمووی لەژێر هەژموونی پێشمەرگەدا بوو.(گوێزلێنگەیی، ٢٠٢٠)، دوای ئەم سەرکەوتنە بارزانی دەیویست پێشڕەوی بکات، ئەوەبوو بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی پێشرەوی کرد لەڕێگەی سەلان وگەرەوان گەیشتە گوندی خەتێ ، بە ئامانجی هێرش کردنە سەرهێزەکانی حکوومەت لە شەقڵاوە، هەریر و ناوچەکانی دەوروبەری، بەڵام ئاگادارکرایەوە لەگەڕانەوەی هۆزەکانی برادۆست و هەرکی، لەلایەن شێخ ڕەشید لۆڵان و مەحموود بەگ و فەتتاح ئاغای هەرکی سەرپەرشتی دەکران، ئەم سەرۆك هۆزانە لەلایەن دەوڵەتی

ئێران و کۆماری عێراق هاوکاری دەکران بۆ ئەوەی ناوچەی برادۆست داگیربکەنەوە، کاتێك هەواڵیان گەیاندە بارزانی، دەستبەجێ هەرچی هێزی پێشمەرگەی ئەم ناوچەیە بوو لەگەڵ خۆیدا بردن، چونکە دەیزانی کە هۆزی برادۆست خەڵکێکی ئازاو شەڕکەرن، ئەگەر پێشیان پێنەگیردرێت مەترسی دروست دەکەن و هۆکارێک دەبێت کە رێگای نێوان سۆران و بادینان ببچرێنن، جارێکی دیکە باڵەکایەتی دەکەوێتەوە ژێر داگیرکاری هێزی عێراق، بۆیە تواندرا جارێکی دیکە ئەو ناوچانە ئازادبکرێنەوە، بەم شێوەیە لەکۆتایی مانگی تەمووزی1962 تەواوی گوندەکانی رۆژهەڵات و باکووری شارەدێی سیدەکان ئازادکران (پشدەری، ١٩٩٧).

نەخشەی ستراتیژی و بەهێزی پێشمەرگەو هاوکاری و خۆشەویستی خەڵك بۆ شۆڕشی کورد وایکرد بارزانی لە رۆژی1962/8/22 بگاتە ناوەندی شارەدێی هیران، دوای شەڕێکی قورس توانیان ئەم ناوچەیە لەدەستی سوپا و چەکدارانی سەربەحکومەت رزگاربکەن، ناوچەی خۆشناوەتی هاوشێوەی ناوچەکانی باڵەکایەتی و بادینان بووە قەڵایەکی بەهێزو بنکەیەکی پتەوی هەبووە بەتایبەت چیایی سەفین کە بنکەی هێزی پیشمەرگەی لێبووە، ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە بارزانی سەرکردایەتی کردنی ناوچەی خۆشناوەتی بە(بەکر عەبدولکەریم و مەحموود کاوانی سپارد وەک دوو سەرکردەی سەربازی کاریگەر لەناوچەکە (بارزانی، ٢٠٢٠) ، یەکەم چالاکی پێشمەرگە لە سنووری شارەدێی رواندز لەگەرووی سۆرەپەل لەنێوان دەشتە دیان و کاولۆک دژی چەکدارانی کوردی سەربەحکومەت کرا، بۆیە لە1963/3/18 تەنیا حامیەیی رواندز نەبێت تەواوی گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان ئازادکران (بەگ، ٢٠٢١).

ناوچە دەشتاییەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر سەرباری ئەوەی لەڕووی جوگرافییەوە زۆر نالەباربوو ئازادکردنیشی ئەستەم بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە توانای چالاکی سەربازی هەبوو لەو ناوچەیەدا، بەجۆرێك لەکاتێکدا هێزەکانی حکوومەت لەسوپا و چەکدارانی کوردی سەر بەحکومەت ئەگەر ستەمییان لەخەڵك کردبایە پێشمەرگە بەچالاکی سەربازی سزایان دەدان.(سەید کاکە، ٢٠١٢). ئەم جووڵەو هێرشە سەربازییانەی پێشمەرگە سەلمێنەری ئەوە بوون، کە ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی گشتی لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدابوون و بوونە ناوچەیەکی سێبەر بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، لەیادەوریی پێشمەرگەیەکدا هاتووە:"لەحوزەیرانی1962بەزۆری ئەندامانی ناوچەی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووچۆی شینایی(فەتاحی حاجی ئیبراهیم یان دەکرد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە(خاتوون ئاوای نزیك باداوە[2])کە جێگاییەکی چۆڵ بووە و نزیك شار بوو".(باداوەیی، ٢٠٢٠)،ئەم شوێنە ئەگەر بارەگاییەکی فەرمیش نەبوبێت بۆ کاری حیزبی، بێگومان خاڵێکی گرنگی پەیوەندی بووە بە ڕێکخستنەکانی ناو شارو ئەڵقەی پەیوەندی بووە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و هەموو ئەوانەی دەیانەویست ببنە پێشمەرگە لەو خاڵەوە بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان دەچووە بارەگای ناوچەی هەولێر هەر لەسەرەتای شۆڕش تاوەکو7حوزیرانی1963 لەگوندی دارەخورما بووە دەکەوێتە بناری چیای قەرەچوغ، بەڵام سوپای حکومەت و عەرەبەکانی هۆزی لهێب بەسەرۆکایەتی شێخ عەواص لەدوای شکستهێنانیان لە قەرەچوغ وازیان نەهێناوە و لەهێرشی دووبارەیان بۆ ناوچەکە و چیای قەرەچوغ بەردەوام بوون، تادواجار پێشمەرگە بڕیاری دا پاشەکشە بکات بۆ ناوچەی کۆیە، لەبەرئەوەی ئەو چیاییە شوێنێکی وشك و بێ ئاوە گەمارۆدانی زۆرئاسان بووە.(لەک، ٢٠١٩). لەدوای ئەم ڕووداوانە ناوچەی هەولێری پارتی بارەگاییەکەی گواسترابییەوە بۆ دێدەوان کە دەکەوێتە گوندی ئازیانە ، کە نزیکەی 40کم لە پردێ دوورە.(سەید کاکە، ٢٠١٢). پێشمەرگە جگە لە سنووری گوندەکانی دەوروبەری هەولێر لە بارزان و هەیبەت سوڵتان لەدوای شەڕیکی سەخت پاشەکشەیان کردو حکومەت دەستی گرت بەسەر ڕێگەی کۆیەـ ڕانیە.(برایەتی، ١٩٩٣)، ئەو ناوچانەیهێزی پێشمەرگە لەدەستیدان بۆ ماوەییەکی کاتی بوو، دواتر پێشمەرگە بۆ جارێکی دیکە ئازادیکردنەوە و کەوتنەوە ژێر قەڵەمرەوی شۆڕش، لە1963/7/13 تەواوی بەرپرسانی پێشمەرگە بۆ کۆبوونەوە لە گوندی جۆنەرەی پشتی سەرچیا داواکران بۆ ئامادەکردنی نەخشەیەکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سوپای عێراق، دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەرکەوت سپیلک شوێنێکی ڕووتەڵانە و زیانی زۆر بەر هێزی پێشمەرگە دەکەوێت، بۆیە بڕیاردرا لە دەوروبەری سەرچیاو کانی وەتمان هێڵی بەرگری بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت، بەڵام دواتر پێشمەرگە لەو ناوچەیەش کشایەوە، چونکە ناوچەیەکی لە بار نەبوو بۆ بەرگریکردن لە بەرانبەر سوپای عێراق. مستەفا بارزانی لە کۆتاییەکانی1963 دوای مانەوەی دوو ڕۆژ لە گوندی دێگەڵە هاتەوە ناوچەی باڵەکایەتی لەساڵی1965بەدواوە زۆربەی بارەگاکانی شۆڕش لە دەڤەری باڵەکایەتی بوون، دوا خاڵی ناوچەی ئازادکراو بازگەی پێشمەرگە بووە لە گوندی بەرزێوە، جێگەی ئاماژە پێکردنە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی تەنفیزی لە گوندی

[2] دوو گەڕەکی هەولێرن، کەوتوونەتە سەر شەقامی (قازی موحەممەد لە شەقامی سەد مەتری لەنێوان ڕێگای کۆیەو ڕێگای کەرکووك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوپردان بوون، یەکەی ئیداری شۆڕش و بارەگایی هێزی باڵەک لە شارەدێی گەلاڵە بوو، هەرچی بارەگای بارزانییە لە دیلمان و حاجی ئۆمەران بوو(بەگ:2021، 109_123)، لەهەمانساڵدا هێزی سەفین لەدۆڵی سماقولی بوو، بارەگایی لقی دووی پارتی لەهیران بوو (گۆمەشینی، ٢٠٠٣).

لە ڕاستیدا ساڵی1965 ساڵێکی سەخت بوو بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، بەتایبەت ناوچە پێدەشتەکان، ئەو کات بارەگای ناوچەی کۆیە لە گۆمەشین، هەرچی بارەگای بەتالیونە لەبانەقەڵات بووە، بارەگای سەرەکی ناوچەی هێزی دەشتی هەولێر لە چیای پیرەر بوو، لەبەرئەوە بەرپرسان دڵنیابوون کە ناوچەی شەرغە ناتوانێ یارمەتی پێشمەرگە بدات، چونکە لەهەموولایەکەوە دەکەوێتە بەرلێشاوی هێرشی حکومەت، بۆیە بڕیاردرا ڕێکخستن بچێتە ناوچەی حاجی قەڵا.(ڕۆژنامەی برایەتی،1765،7).حکومەتی عێراق پیلانێکی تۆکمەی داڕشت بۆ سووتاندنی دێهاتەکانی باشووری کوردستان، لەڕۆژی1965/10/6 دەستی بەجێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە کرد بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزیری بەرگری عیراق، لەوانە ناوچەی شوان، ئاغجەلەر، دۆڵی بالیسان، ناوچەی باڵەك، دەشتی هەولێر کەوتنە بەر شاڵاوی سووتاندن، هەربۆیە دیاریکردنی سنووری ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە پەیوەستە بەو کارە تێکدەر و نامرۆڤانەی سوپای عێراق پەیڕەوی لێدەکرد، لەسووتاندن و کاولکردنی دێهاتەکاندا بۆنموونە لە دۆڵی بالیسان گوندەکانی بێراوە، بالوکاوە، بالیسان، توتمێ، شێرکاوە سووتێنران، لەناوچەی دەشتی کۆیە گوندەکانی گۆمەشین، گورزەیی، گۆپتەپە، گۆمەتاڵ، دێگەڵە، سماق شیرنی بچووك، سماق شیرنی گەورە، کانی دەربەند، بانەقەڵات لەگەڵ چەندین گوندی دیکەی لە سنوورکە سووتێنران. لەناوچەی دیانا هەریەکە لە دێڵزیان، سیدەکان، جوندیان، کەڕك و بنی کاول سووتێنران لەناوچەی سەفین بەهەمان شێوە گوندەکانی زیارەت، گەرۆتە ...تاد سووتێنران، لەسەرەتایی دەست پێکردنی شۆڕش تاوەکو ساڵی1969دووسەد و نەود گوند لەپارێزگاکانکەرکووك، هەولێر، سلێمانی، مووسڵ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە سوتێندران (خۆشناو، ٢٠١٦).

هەموو ئەو دێهاتانەی کە باسکران لەسەر یەك هێڵی سنووری نین، بەڵام هەندێك لەوانە خاڵەکانی سنووری ناوچە ڕزگارکراوەکان دیاریدەکەن، دوای داگیرکردنی کۆیە لەساڵی 1963 دوژمن هیچ هێزێکی لەنێوان هەولێر و کۆیە بەجێنەهێشتبوو، لەبەرئەوە بارێکی ئارام لەو شوێنەدا هەبوو، چەند کادیرێك هاتبوون ڕاوێژیان بەسەرووی خۆیانەوە کرد، بۆئەوەی شوێنێکی تۆکمە بۆ بنکەییەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشمەرگە بدۆزنەوە، پاش لێکدانەوەی ناوچەکە لەبواری سەربازی و ئەمنەوە گەلی مەلا ئاری لەچیای پیرەر دەستنیشانکرا بە دووری دوو کیلۆمەتر لەرۆژهەڵاتی گوندی پیرەر، ئینجا بڕیاردرا ئەو شوێنە بکرێتە بنکەیەکی سەرەکی پێشمەرگە (شێرە، ٢٠١٥)، لەرۆژی داگیرکردنی کۆیە لەلایەن سوپایی عێراقەوە، پێشمەرگە روویان لەناوچەی (سوێرە [3]) کرد، پاشان پێشمەرگە توانی زۆربەی ناوچەکان ئازاد بکاتەوە (دزەیی ە.، ٢٠٢١).

### سەرەتای رزگاکردنی ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی:

لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلوول هەندێک ناوچە لە سنووری پارێزگای سلێمانی وەک قەرەداغ و هەورامان و گەرمیان و خانەقین ئازادکران، بەڵام دوای پەرش و بڵاوبوونی هێزی هۆزەکان و خۆڕانەگریان لەمەیدانەکانی شەڕو پێکدادان، پارتی ڕووبەرووی بارێکی سەخت و گران بووەوە، لەهەمانکاتدا ئەرکێکی قورسی کەوتە سەرشان، لەکاتێکدا جەماوەرو هەندێك لەکادیران ورەیان دابەزیبوو، بەڵام بەهەوڵێکی زۆر توانرا لەماوەی دوو تا سێ مانگ هێزی پێشمەرگە بنێرێتە مەیدانی کاروکردەوە، لە22ئەیلوولی 1961 لیژنە ناوچەی سەنگەسەر لە دەڤەری پشدەر بوو، لەمانگی کانونی دووەمی1962یەکەم بارەگای شۆڕش لەسنووری پارێزگای سلێمانی لە ئەشکەوتی گوندی مالومە دامەزرا، ئەو ئەشکەوتە کەوتۆتە رۆژئاوای گوندەکە، پاشان چەند بنکەیەکی دیکەی پێشمەرگە لە پێنجوین و قەرەداغ و چەمی ڕێزان و خەلەکان کرانەوە (جەلال، ٢٠٢١)، لە1962/5/24 شارۆچکەی پێنجوین ئازادکرا، تەواوی پۆلیسەکانی قەزاو بەرپرسەکانیان چوونەتە ریزی شۆڕش، هەر لەو ساتەوەختە خەڵکی ناوچەی شلێر ڕاپەرین بۆ یارمەتی دانی شۆڕش، لەرۆژی 11ئابی1962، ناحیەی تەقتەق ئازادکراو سوپاکە خۆیان دا بەدەستەوە، لە12ئابی هەمان ساڵدا قەزای چوارتا ڕزگارکرا، لە21ئەیلوولی1962 بنکە سەربازییەکانی بەمۆ و گوندەکانی مەحموود قەجەر، دەربەندی بێلولە، سەرتەك تاوەکو نزیک پەروێزخان، ئازادکران لەوکاتە لیژنە ناوچەی خانەقین لە چیایی بەمۆ بوو لقێکی پێشمەرگەش لەگوندی مەحموود قەجەر بووە، پاشان لەمانگی یازدەی هەمان ساڵ ناوچەکانی تاوەگۆزی و شەمیران و نەورۆلی و هەورامان و بناری سۆرین و ناوچەی شارباژێر ئازادکران، ناوچەی ماوەت هەڵبژێراوە بۆ ئەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی لەوێ دابندرێت، (بارزانی، ٢٠٢٠) ، بارەگای لقێکی

[3] بریتیە لە دەربەندێکی شاخاویی و کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی کۆیەو نزیکەی 12کم لە شاری کۆیە دوورە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیکەی پیێشمەرگە لەشوانی سەرخاسە بووە کە ژمارەیان110 پێشمەرگە بووە، لیژنەی ڕێکخراوی سەرخاسە لەدێی چیمەن لە قورگی شاری کەرکووک تاوەکو دێی تەوەکەڵ، تلیان، تیژە، خاسە و چەندین گوندی دیکە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بووە.(شەریف، ٢٠١٢).

لەساڵی1962بەدواوە زۆربەی شوێنە ستراتیژییەکان لەهەموو کوردستان کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سنووری ئێران و عێراق لەخانەقینەوە تاوەکو حاجی ئۆمەران، سنووری عێراق و تورکیا لە داڵانبەرەوە تاوەکو زاخۆ هەمووی لەژێر قەڵەمڕەوی شۆڕشدا بوون، حکومەتی عێراق زۆر هەوڵیدا بۆ سەندنەوەی بەشێك لەم ناوچانە، بەڵام هەوڵەکانی بێهوودەبوون.(بارزانی، ٢٠٢٠). ئامر بنکەی پۆلیسی گاپیلۆن ئەندامێکی پارتی بووە، بەناوی مەجید شوانی ، نەخشەیەکی دانا لە بنکەکەی خۆیی10 پۆلیسی لەگەڵدابوون، جگەلەوە شەش پۆلیسی دیکەی لە بنکەی مۆکە ئامادەکردبوون بۆ ئەوەی بەجلی پۆلیسییەوە بەرەو بنکەی پۆلیسی مۆکە ڕابکەن و پێیان بڵێن کە لەدەستی یاخیبووەکان هەڵهاتوون، تاوەکو بەیارمەتی پۆلیسەکانی دیکە ئەو بنکەیە بگیردرێت، مام جەلال لەچوارتاوە چووە بۆ شارباژێڕ، هێزێک بە سەرۆکایەتی کوێخا کەریمی ماوەت بەڕێکراوە بۆ ئازادکردنی بنکەی شاناخسێ، هێزێکی دیکەی پێشمەرگە بەسەرۆکایەتی عەریف حەمە سالح لەگەڵ عەبدوڵڵای ئەحمەدی ڕەسول ناردراوە بۆ گرتنی باسنێ، بڕیار بووە شەوی نەورۆز20لەسەر3/21 /196 ئەو شوێنانە ڕزگاربکرێن، بەڵام چوارتا ئازاد نەکرا، بۆیە نەخشە دانرا گەمارۆ بدرێت. تاوەکو بنکەکانی دیکە هەمووی ئازاد دەکرێن، پاشان بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی کە دانرابوو پێنجوێن و ئەزمەڕە ڕووتە ئازادکران. پێشمەرگە لەچەمی ڕێزان گەشەی کردوو پەرەی سەند لە12کەسی بێچەك بوونە هێزێکی گەورە. بەردەوام هێزی پێشمەرگە زیادی کردووە لەدواییدا وای لێهات هێز نێردرا بۆ قەرەداغ و چیای بەمۆ. (مام جەلال، ٢٠١٩).

لەکۆتایی ساڵی 1962لەکەرکووک و گەرمیان چەند ناوچەیەک ئازادکران لەوانە ناحیەی شێروانە گوندی عیساوی و بەرلوت و باوەنور و تاوەکو دەربەندیخان، لەکفریش گوندەکانی کوری چایی و پەڵکانە و خدر وەلی، ساڵەیی، مام شا، لەیلان، تەپەنور، پەنجاعلی، چیمەن، حەسار، لە ناوچەی قادرکەرەمیش برایم غولام و قەڵایی مەدحەت و زیندانە و ئۆمەر بل و شاکەڵ و ژاڵەی سەفەر و ژاڵەی حاجی قادر و بێستانە، لە چەمچەماڵیش ئەو ناوچانەی ئازادکران سەنگاو و قەرەتامور و زەنگەنە بارەگای لق هەر لەو ساڵەدا لە گوندی چاڵە بنێشتەکە بوو، هەرچی بارەگای ناوچە بوو لە گوندی ئۆمەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بل بوو ئەو ناوچانە هەموویان لەدەستی شۆڕش بوون، تاوەکو ڕێککەوتننامەی 11ئاداری1970جگەلە سەنگاو.(زەنگەنە[4]: 2021/11/6، چاوپێکەوتن .

لەساڵی1963مستەفا بارزانی بەرەو دەقەری پشدەر ڕۆیشت لەوێ بارەگای بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی دامەزراند، لەحوزیرانی هەمانساڵدا بارەگای هێزی پیشمەرگە لە بێتواتە بووە.(باداوەیی، ٢٠٢٠)، جگەلەوە لیژنە ناوچە لەچەمی ڕێزان بووە ناوچەکانی تەوێلەو بیارە و ئازادکران و بارەگایەکی پێشمەرگە لە گوندی هەنجیرەی سەربە دەربەندی بازیان بووە، لێژنە ناوچەی خانەقین بارەگای لە دەربەندی بێلولە بووە، هەرچی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بووە لە ناوچەی ماوەت بووە، لەکۆتایی ساڵی1963 تاسەرەتایی نیسانی 1964حکومەتی عێراق تەنیا لەناوەندی خانەقین و ناحیەی قۆڕەتو و مەیدان بوو، تەواوی ناوچەکانی دیکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادکرابوون. لەساڵی1966شۆڕش لەسنووری پارێزگای کەرکووک، سلێمانی هەندێ شوێنی لەدەست دا بەهۆی دروست کردنی کێشە لەلایەن دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، دواتریش جیابوونەوەیان لەشۆڕش، لەساڵی1966بارەگایی لقی سێی پارتی لەقەیتول بوو، لەساڵی1967 بۆجارێکی دیکە ئەو شوێنانە ئازادکرانەوە، لەئەیلوولی1969هێزێکی زۆرلەفیرقەی دووی کەرکووک بە سەرۆکایەتی العمید الرکن اسماعیل تایە النعیمی  بە بەشداری سەدان چەکداری کوردی سەربەحکومەت  بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی هێرشیان کردە سەر ناوچەی دوکان بەری مەرگە، بنگرد، سورداش، شاخی قەیوان، شەدەڵە، جەباری، قەرەداغ، قەڵاسیوکە، شاخی سارا، دابان، ...تاد، لەئەنجامدا بارەگای هێزی ڕزگاری لە سەرگەڵو داگیرکراو سووتێندرا، پێشمەرگە پاشەکشێی کرد، هەندێک لە پێشمەرگەکان چوون بۆچیای ژیلوان و دۆڵی گوخلان لە پشتی پێنجوێن، هەندێکی دیکە بەرەو سێوەیل و یاخیان و گەورەدێ و بەرزنجە ڕۆیشتن، ئەوانی دیکەش بەرەو سەنگاو، ولاخلو، خور خورە، گاپیلۆن، باپیلان، ماوەت، چوارتا، عەودالان ،کەلەشێر...تاد، پاشەکشەیان کرد، بارەگای هێزی ڕزگاری بۆ گوندی گەورە دێ  گواسترایەوە. ئەوەی لەماوەی دووهەفتە سوپای عێراق داگیریکردبوو، هێزی هەڵگۆرد کەئەم ناوچەیەیی

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحەمەد حەمید قارەمان زەنگەنە لەساڵی 1947 لە گەرمیان هاتۆتە دونیا، لە 1962/6/18پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوول کردووە، لە ساڵی 1986دەبێتە ئەندام ناوچە لە ناوچەی کەرکوک، ناوبراو بەکالۆریۆسی هەیە لە زمانی عەرەبی زانکۆی کەرکوک لە ساڵی 2002 خوێندنی تەواوی کردووە لە ئێستادا بەردەوامە لە کاری سیاسی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دانیشتووی شاری کەرکوکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێسپێرداربوو، توانیان لەبەرپەرچدانەوەیەکی تووند سوپای عێراق تووشی شکستێکی گەورە بکەن (جگەرسۆز، ٢٠٢٠)، پێنجوێن و تەواوی ئەو ناوچانەی داگیرکرابوون ئازادکرانەوە، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە لە ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەدا بارزانی، سامی عەبدولرەحمانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕبکات.(ڕدێنی، داستانی پیرەمەگرون - سورداش ل ساڵا ١٩٦٩، ٢٠٠٨)، سوپای عێراق لە1969/10/31 بۆجارێکی دیکە دوای هێرشێکی چڕ توانای بەشێکی زۆری ناوچەی پشدەر داگیر بکات، بەڵام لە ماوەی دوو مانگدا پێشمەرگە توانی تەواوی ناوچەکان ئازاد بکاتەوە لەوانە سەنگەسەر و دۆڵی شەهیدان، ئەو ناوچانە سنووری هێزی کاوە بوون (مەلازادە، ٢٠٢٠).

**بارەگاکانی پێشمەرگە لەگەرمیان:**

لە1963/8/10 کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لەبارەگای کەرتی 4،3ی قەرەداغ و کەرتی4ی سنووری هەڵەبجە، خانەقین، شارەزوور لەگەڵ بەشێك لەقەزای چەمچەماڵ، خورماتوو، کفری، هەموو گەرمیان و سنووری کەرتی3لەقەرەداغ کرا، لەم کۆبوونەوەیەدا یەکێك لەئامانجەکان چالاکی سەربازی بۆ ئەوەی گوشاری حکومەت لەناوچەی بادینان کەم بێتەوە( ڕەزا, ٢٠١٣). هێزی قەرەداغ سەرەتا بارەگای لە چەمی ڕێزان بوو، دواتر گواسترایەوە ناوچەی شوان. هێزەکانی حکومەت لە 25/ 1965/6 دوای شەڕێکی سەخت و خوێناوی توانیان دەست بەسەر چیایی ئەزمەر و چوارتا دابگرن (ڕدێنی، داستانی پیرەمەگرون - سورداش ل ساڵا ١٩٦٩، ٢٠٠٨). بارەگای بەتالیۆنی 4ی هێزی قەرەداغ، هەمیشە بەرەی پێشەوە بووە بەڕووی سوپایی عێراق لەناوچەی شارەزوور و سلێمانی، بۆیە بەردەوام ئامانجی یەکەمی سوپا لەهێرشەکانیاندا بۆ سەر هێزی قەرەداغ بووە، لەگەڵ چەندین هەوڵی یەک لەدوای حکومەت بۆ سەر ئەو بنکەییەی شۆڕش بێ ئەنجام بوو، بۆنمونە یەکێك لەو هەوڵانە لە ساڵی1965 بوو، لەلایەن سوپای عێراق نەیتوانی دەرگایەك لە سۆلیاوە بکەنەوە، سەرئەنجام بارەگای بەتالیۆن پارێزراوبوو. (مەلا سلێمان, ٢٠٠٦). بارەگای هێزی ڕزگاری سەرەتا لەچەمی ڕێزان بوو، لەساڵی 1965 گواسترایەوە بۆگوندیسکندەربەگی.(ڕدێنی، داستانی پیرەمەگرون - سورداش ل ساڵا ١٩٦٩، ٢٠٠٨)

**ململانێ لەسەر سنووری ناوچە ڕزگاکراوەکان لەدەڤەری بادینان:**

لەساڵی1968تاکۆتایی ساڵی1969چەند هەوڵێکی سوپای عێراق و چەکدارە کوردەکانی سەر بە حکومەت و دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد هەبووە بۆ بەزاندنی سنووری ناوچە ئازادکراوەکان. بارزانی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژی 1969/4/22 بروسکەیەك بۆ هەموو هێزەکان دەنێرێت تاوەکو دەست بە هێرشکردن بکەن، چونکە حکومەت بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیرانی ساڵی1966 پێشێل کردبوو، بۆیە لەهەمان مانگدا هێرش کرایە سەر پێنج سەنگەری حکومەت لەنزیك ئامێدی، لەهەمان کاتدا هێزەکانی حکومەت هێرش دەبەن بۆ سەر چیای بالول ، بەڵام لەشکری یەك سەنگەرەکانی حکومەت لەسەر چیاکە خاپوور دەکەن، سوپای حکومەت ناچار بەپاشەکشەکردن دەکەن. لەناوەڕاستی مانگی ئابی1969 حکومەتی عێراق هەموو هێزی خۆی بەرەو ناوچەکانی شۆڕش جوڵەپێکرد بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەشێك لە سنووری ئاکرێ و شێخان لە دەڤەری شەمکان، بەتایبەتی گوندەکانی بناری چیایی خێری، لەو هێرشەدا فڕۆکە و هێزێکی پیادەی زۆر بەکارهێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کردارێکی زۆر دڕندانە لەگوندی دەکا کرا، لە ئەشکەوتێکی نزیك گوند 67 ژن و مناڵ و پیاوی پیر بەزیندوویی سووتێنران و کوژران. سەرباری ئەو توندوتیژی و خراپەکارییەی سوپای عێراق، بەڵام هێشتاش پێشمەرگە چۆکی دانەدا و هەموو ناوچەکانی خۆی ڕزگارکردنەوە (سەرنی، ٢٠١٨).

کۆی ئەم ڕووداوانە دوا هەڵویستی سنووری ناوچە ئازادکراوەکان لەناوچەی بادینان ڕووندەکانەوە، سەرئەنجام لەمانگی ئەیلوولی1969هەوڵەکانی دانوستاندن دەستی پێکردەوە، لەپاییزی ساڵی1969 سەرکردەکانی سوپای عێراق بەهاوکاری لەگەڵ بەشێك لە چەکدارە کوردەکانی سەر بەحکومەتی عێراق نەخشەی شەڕێکی سەرتاسەریان بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی هێزی پێشمەرکە داڕشت، لەدووەم ڕۆژی شەڕدا بەتالیۆنی2سەر بەبارەگای هێزی دەشتی هەولێر شکا، بەرەو چیای سەفین ڕۆیشتن و لەگوندی سماقولی گیرسانەوە لەچیای باوەجیش بەتالیۆنی سێی و بارەگای هێزی دەشتی هەولێری لێبووە. بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێریش لەدێدەوان بووە، ئەم هێزە سەرەتا گەمارۆدرابوو، بەڵام دواتر توانییان گەمارۆیی حکومەت تێکبشکێنن و خۆیان ڕزگار بکەن، بەرەو چیای سەفین بڕۆن و بارەگای خۆیان لەسماقولی سەروچاوە دابنێن، هەرچی بارەگای هێز و بەتالیۆنی دوو بووە، چوونە بۆ گوندی نازەنین، لەهاوینی1969چوون بۆ  گوندی بێستانە.(سەید کاکە، ٢٠١٢). ئەگەر سەیری جوگرافیایی  ناوچە ڕزگارکراوەکان  بکەین مەلامستەفا لەساڵی1964 دەستەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی لەناوچەیەکی بەرفراوان پەیرەو کرد، کە بووە نموونەییەکی ئیداری، بەو هەنگاوەش بۆجیهانیان سەلماند کورد سەرباری گوشار و دژایەتی کردنی لەلایەن وڵاتان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی هەیە. ئەم ئەزموونەی کوردستان درێژەی هەبوو تا نسکۆی شۆڕشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەیلوول. لەڕاستیدا شۆڕشی ئەیلوول ئەزمونێکی دوولایەن بوو، لەلایەك خەبات وشۆڕشگێری بوو بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکان، لەلایەکی دیکە کارگێڕیی بوو، سنووری جوگرافی شۆڕش کەوتبووە سەر سنوورەکانی ئێران، تورکیاو سوریا، لەڕۆژهەڵاتەوە تاخانەقین هاوسنووری ئێران بوو، لە ڕۆژئاواوە تا زاخۆ هاوسنووری تورکیا و سوریا بوو. ڕووبەرەکەی 35000 سی و پێنج هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو، مستەفا بارزانی حوکمی ئەم ناوچانەی دەکرد، بارەگای سەرەکی شۆڕش لە دەڤەری باڵەکایەتی بوو، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی هاملتۆن، هەرچی ناوەندی شارەکان بوون وەکو هەولێر، دهۆك و سلێمانی لەسنووری ناوچە ئازاکراوەکان نەبوون، بەڵام هاوسۆز و هاوکاری سۆڕش بوون. (کۆچێرا، ٢٠٠٣).

**تەوەرەی دووەم: چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان**

لـەڕاستیدا ئاسانکردنی پەیوەندی ئامرازێکی بەهێزە بـــۆ سەرکەوتن لەکاری بەڕێوەبردندا، بەتایبەت دوای فراوانبوونی ڕووبەری ناوچە ڕزگارکراوەکان و زۆربوونی ژمارەی هێزی چەکداری شۆڕش. هەر لەو بارەیەوە بیر لەوە کراوەتەوە سوود لەپەیوەندی بێتەلی وەربگیردرێت، لەکۆتایی مانگی ئەیلوولی1961 شۆڕش هەڵگیرسا، بۆیە ناوی شۆڕش بە شۆڕشی ئەیلوولی1961ناسرا، هەرچی هێزی چەکداری شۆڕش بوو بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقەڵەمدرا،دروشمی کوردستان یان نەمان بەرزکرایەوە و ئارمانجی شۆڕش. بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دیاریکرا (جەلال، ٢٠٢١)، لەڕۆژی 1961/10/21 لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش چەند فەرمان و ڕاسپاردەیەک بەسەر هێزی پێشمەرگەدا بڵاوکرایەوە لەوانە: هێزی پێشمەرگە نەچێتە ناو هیچ گوندێک، تاوەکو گوندەکان ڕووبەرووی بۆمبارانی ئاسمانی نەبن، هەروەها بڕیار درا بە هیچ شێوەیەک شت بەزۆری لە دانیشتووانی گوندەکان وەرنەگیرێت، جگەلەوە گوێڕایەڵی تەواوەتی پێشمەرگە بۆ ئەو بڕیارانەی لەسەرکردایەتییەوە دەردەچن، خالێکی دیکە بەفیرۆنەدانی فیشەک لەلایەن پێشمەرگە، دەست گرتن پێیەوە، سووربوون لەسەر خاڵە لاوازەکانی دوژمن، هێرش بردنە سەریان لەو خاڵانەوە. قەدەغەی کوشتن و سووکایەتی کردن بەدیلەکانی شەر بەهەموو جۆرێک، هەروەها خۆپاراستنی تەواو لەبۆمبارانکردنی فرۆکە جەنگییەکانی سوپای عێراق. دواین ڕاسپاردە پێویستی ئاڵوگۆڕکردنی هاوکاری لەنێوان تەواوی هێزەکاندا، پەنابردەنە بەر هێزی پارتیزانی دابەشکردن بەسەر چەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستەیەکی بچوک بۆ ئەوەی کەمترین زیان بەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەوێت. (بارزانی، ٢٠٢٠).

لەرێکخستنەکانی سەرەتایی شۆڕش پێشمەرگە دابەشکرابوون بە سەر چەند قۆڵێک، یەکیک لە پێشمەرگە بەتواناکان دەکرایە سەرقۆڵ ، بەڵام لەبەهاری ساڵی1962سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی. رێکخستن و دیسپلینی هێنایە ناو هێزی شۆڕش بەشێوازێکی نیزامی رێک و پێک دابەشکرابوونە سەر دەستە، پەل، لق، بەتالیۆن  لەمانگی مایسی1964هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوی لەشکری شۆڕشگێری کوردستانی لێنرا.(مەلازادە، ٢٠٢٠). دەستە لە دە پێشمەرگە پێک دەهات سێ دەستە پەلی  یان پێک دەهێنا، سێ پەل لقی لێ دادەمەزرا، سێ لق بەتالیۆنیان دروست دەکرد، چەند بەتالۆنێک هێزی پێکدەهێنا. هێزی پێشمەرگەی شۆڕش دابەشکرابوونە سەر سێ لەشکر، هەر لەشکرێک لە3 تا4 هێز پێکدەهات، لەشکری یەکی بادینان لەشکری دووی هەولێر، لەشکری سێی کەرکووک و سلێمانی، پێشمەرگەکان بەپێی تایبەتمەندی بەدەنی و ئەخلاقی هەڵدەبژێردران، سەبارەت بەمووچەی پێشمەرگە تا ساڵی 1965بۆ هەر پێشمەرگەیەکی سەڵت بڕی 250 فلس بوو، پێشمەرگەیەک کەخێزاندار بووایە بڕی750 فلس بوو (زەنگەنە, ٢٠٢١)، چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەوەشدا پێداویستییەکانی ژیان هەر لە(خواردن، تیخ بۆ ریش تاشین، تووتن، جل و بەرگ...هتد ی پێ دەدرا، لەگەڵ کەرستەی جەنگی وەک تەفەنگ و فیشەک، بەم شێوازە لە ماوەیەکی کەم تواندرا لەشکرێکی تاڕادەیەک رێک دروست بکرێت، سەرئەنجام شکستی زۆر گەورەی بەسەر سوپای عێراقدا تۆمار دەکرد، هەر لەوساڵەدا باشووری کوردستان بەسەر15بەش دابەشکراو هەر بەشێک لەلایەن لێژنە ناوچەیەکەوە بەرێوە ببرێت، هەرچی لێژنە ناوچەکان بوون بەشێوازی رێبەرایەتی بەکۆمەڵ دامەزرا بوون، هەریەکەیان پێک هاتبوون لەبەرپرسێکی سەربازی، رێبەرێکی سیاسی، بەرپرسێکی ئیداری، بەرپرسێکی لۆجستی. پێش ئەوەی حکومەتێکی ناوچەیی هاتبێتە سەر کار، لەڕاستیدا حکومەتێک پێک هات کە حکوم و دەسەڵاتی لەرێگەی ئەنجومەنی گوندەکان بوو، بەڵام لە دوای ساڵی 1965پێشمەرگە پێنج دیناری مووچە بووە، هیچ جیاوازیەک نەبووە لەنێوان پێشمەرگە و فەرماندە.(کۆچێرا، ٢٠٠٣)، لایەنێکی دیکە رێکخستنی سەربازی و لەبەرکردنی(جلی خاکی  بوو بۆیەکەم جار لە مانگی کانوونی یەکەمی1961چەند پێشمەرگەیەکی بارزانی جلی خاکیان پۆشیبوو، لەدوای ساڵی1964 جلی خاکی لەناو لەشکری بادینان باو بوو، پاشان لە کۆتایی ساڵی 1965

سەرکردایەتی شۆڕش جلی خاکی کردە بڕیار، دەبێت تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بیپۆشێت، چونکە هێزەکانی شۆڕش بەرگدرووی تایبەتیان هەبوو لە بەتالیۆنەکان بۆ دوورینی جلی خاکی بۆ پیشمەرگە.(پێشمەرگە, ٢٠٢١).

لەڕاستیدا دەکرێت بڵێین لەساڵی1964-1970 هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپەرەسەندن دابووە و هێزەکان بەپێی شوێنی جوگرافی دابەشکرابوون، بەشێوازێکی ڕێکوپێک، لەوانە چوار هێز لە سنووری پارێزگای مووسڵ دامەزران، کە لە چوار هەزار پێشمەرگە پێکهاتبوون لەناوچەکانی ئاکرێ، شێخان، ئامێدی، زاخۆ ، ئەو هێزانە سەر بەلەشکری یەک بوون. لە سنوری پارێزگای هەولێر چوار هێز بوون ئەوانیش هێزی دەشتی هەولێر، هێزی سەفین، هێزی باڵەک، هێزێکی دیکە هەبوو لە باشووری رواندەز ئەرکی پارێزگاری کردنی ناوچەکانی سەرکردایەتی شۆڕش  بوو، ئەوانە سەر بەلەشکری دوو بوون، هەرچی لەشکری سێ بوو سنووری چالاکی لەپارێزگای سلێمانی و کەرکووک بوو. ئەوانیش هێزی کاوە لە پشدەر، هێزی ڕزگاری سنووری چالاکی لە دوکان تاوەکو باکووری کەرکووک  بوو، هێزی قەرەداغ سنووری چالاکی پاراستنی باشووری سلێمانی و کەرکووک  بوو، هەرچی هێزی خەبات بوو سنووری چاڵاکی لە ماڤان بۆ خانەقین بەشی باکووری سنوری ئێران  بوو.(ئاکرەیی, ١٩٩٨).

**دامەزراندنی یەکەم بنکەی پەیوەندی بێتەلی گەڕۆك:**

یەکێک لەلێزان و شارەزایانی ئەم بوارە(شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن[5] باسی دامەزراندنی یەکەم بنکەی بێتەلی گەرۆک دەکات لەسەر راسپاردەی بارزانی لە (1961/12/21 لە دەوروبەری گوندی بامەڕنی دامەزرا.

[5] چاوپێکەوتن لە گەڵ شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن بەڕێوەبەری گشتی بێتەل و جفرەسازی شۆڕشی ئەیلوول لە دایک بووی (1937/4/22  گەڕەکی سابوون کەرانی پارێزگای سلێمانییە دوای تەواو کردنی کۆلێژی پۆلیسی بەغداد، دەرچوونی بە ئەفسەری یەک ئەستێرە، ناوبراو لە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول لە(1961/12/21  لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی  یەکەم بنکەی بێتەلی تەتەری لە بارەگای بارزانی دامەزراندووە، وەک وەرگێر و بەرێوەبەری جیهازی بارزانی کاری کردووە، لە1961/12/7 یەکەمین ئەفسەری پۆلیس بووە کە چۆتە ریزی شۆڕش، یاداشتەکانی خۆی لە چوارچێوەی کتیبێکدا خستۆتە ڕوو بە ناونیشانی(ڕۆژانی لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول 1961ــ 1975  بڵاوی کردۆتەوە، ئەو دیمانەیە لە (2021/1/10  ئەنجام دراوە  ناوبراو ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وەرگرتن و شیکردنەوەی یەکەم بروسکەی شیفرەکراوی سوپای عێراق:**

شەوی1961/12/28 لەگوندىقارقاراڤا، یەکەم بروسکەی شیفرە شیکرایەوە و کلیلەکەی دۆزرایەوە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرچاوەیەك لە بەردەست دابێت، بەڵکو لە رێگەی وردبوونەوەو تێرامان و بەراوردکرنی نهێنی و ناوەڕۆکی بروسکەکان نووسرانەوە. لەو بروسکەیەدا هێزەکانی میری داوای بۆردوومانکردنی رێزێك گوندیان دەکرد، یەکێك لەو گوندانە قارقاراڤا بوو، شەو بروسکەکە گەیشتە دەستی بارزانی پاشان ئەو گوندانەی ناویان لەبروسکەکەدا هاتبوو ئاگادارکران. پێش بانگی بەیانی گوندەکانیان چۆڵ بکەن و خۆیان بپارێزن، ئەنجام دانی پەیوەندی بێتەل بۆ یەکەمجار لەناوشۆڕش لە رۆژی یەکشەمە1962/9/2 لەنێوان بارەگای بێتەلی گەرۆک و فەرماندەی لەشکری بادینان بەسەرکردایەتی ئەسعەد خۆشەوی و بنکەی پ،د،ک لەبێتواتە کەوتە کار، دواتر لە1962/9/25 سەعات هەشتی بەیانی بۆ یەکەمجار لەمێژووی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بێتەلی بەم شێوازە بوو شەپۆلی رۆژ 5، شەپۆلی شەو 3,9، بانگکردنی یەکتر لەسەر بێتەلەکان بەم هێمایانە بێت ئێستگەی بێتەلی ئاراسAPJ، ئێستگەی بێتەلی ئەسعەد خۆشەویAPM، ئێسگەی بێتەلی بێتواتەAPL بەرەبەرە گرینگی زیاتر بە پەیوەندی بێتەلی درا لەناو شۆڕشی ئەیلوول کە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەلایەنی سەربازیەوە. (حەسەن, ٢٠٢١) چاوپێکەوتن .

**هەوڵێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردن و رێکخستنی پەیوەندییەکان لەناو بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردستان:**

لە1962/12/1لیژنەی ناوچەی رانیە، کە بارەگاکەی چووبووە سەنگەسەر چەند بڕیارێکی دەرکرد لەوانە رێکخستنی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بە پێی زۆری و کەمی خاوەن بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە ناوچەی(بیتوێن[6]) لەگەڵ ئەووەشدا قەدەغەکردنی بڕینی دار لە دۆڵی خۆشناوەتی بەتایبەت لەلایەن هەندێک لە ئاغاکانی ئەم دوو سنوورە سەرپێچی دەکرا. (جەلال، ٢٠٢١).

**پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش:**

لەپێناو چاککردن و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا لەحوزەیرانی1963دادگای باڵای شۆڕش پێکبهێنرێت، لەبەر ئەوە شۆڕش پێویستییەکی

[6] ناوچەیەکی فراوانە دەکەوێتە نێوان چیای هەیبەت سوڵتان و چیای کێوەڕەش 100کم لە شاری سلێمانییەوە دوورە بە ئاراستەی باکوور، ناوەندی قەزاکەی رانیەیە و لە چەندین گوند و کۆمەڵگەی نیشتەجێ پێکهاتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆری بەم دەزگایە هەبوو، دەبوو ئەو دەزگایە کارەکانی لەسەر شێوازی دادگاکانی دەوڵەتی عێراق بێت، لە یەکلاییکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەندیدار بەدادگاکان، دادگای باڵا پشتی بەیاساکانی حکومەتی عێراق دەبەست. یەکێك لەو یاسایانە یاسای سزاکانی(ئەلبەغدادی [7]) بوو، ئەم هەنگاوە لەدوای ئەوە هات کە ئەرکە شارستانی و ڕێکخستنەکانی شۆڕش زیادبوون، ئەمەش لەئەنجامی فراوانبوونی پانتایی جوگرافی و ئەرکە سەربازییەکان بەتایبەت لەدوای حوزەیرانی هەمان ساڵدا.

### چۆنیەتی کارکردن و پابەندبوونی دادوەری ئەندامانی دادگای باڵای شۆڕشی ئەیلوول:

دادگای باڵای ماوەت لەڕۆژی 13 تەمووزی1963 دەستی بەکارەکانی کرد، ئەوە بۆ یەکەم جار بوو لەمێژووی شۆڕشەکانی کورد دادگای باڵا هەبێت، پێکهاتەی ئەم دەزگایە لە کەسایەتییە یاسایی و خاوەن ئەزموونەکان دروست کرابوو، ئەم کەسایەتیانەش بریتیبوون لە دادوەرعومەر حەبیب عەبدوڵلا کەسەرۆکی دادگا بوو ئەندامی دووەم دادوەر ڕوبیتان ئەمین عەلی جاف بوو لەگەڵ لێکۆڵەرەوەییەکی دادی و چەند کەسێکی دیکە وەکو فەرمانبەر لەم دەزگایە کاریان دەکرد.(محمد، ٢٠١٠)، بەڵام لەسەرچاوەیەکی دیکە نوسیوویەتی کە دادگای باڵای شۆڕش ڕووداوێکی نوێی لاپەڕەکانی مێژوویی شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئەم دادگایە لەچەند ئەندامێک پێکهاتبوو:-

یەکەم: عومەر حەبیب عەبدوڵلا سەرۆکی دادگا بووە، گەنجێکی تەمەن 38 ساڵ بووە، دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغداد بوو ناوبراو لە ساڵانی پەنجاکان ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.(کریم، ١٩٩٨).

دووەم: موحسین دزەیی ئەندامی یەکەم لەدادگا دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدا بوو لەساڵی 1955، لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەر بووە و لەساڵی 1963 پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردووە.

سێیەم: حەسەن سەیید ئەحمەد ئەندامی سێیەمی بەڕێوەبردنی دادگا بووە، لەساڵی 1922 لەسلێمانی لەدایك بووە، بە فەرمانبەر لەدادگای ئاشتی دامەزراوە، لەساڵی 1963 پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات.

---

[7] دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیا ئەم یاسایەیی داڕشتووە لە 1918/11/21 دوای ڕووخانی ئیپراتۆریەتی عوسمانی لە عێراق کاری پێکراوە وەک یاسایی سزادان لە 330مادده پێکهاتووە، لەساڵی 1969 هەڵوەشاوەتەوە، بەگوێرەی یاسایی سزادانی عێراقی 111(یاسایی عقوباتی ئەلبەغدادی: 259 .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


چوارەم: کەمال ئەحمەد بەرقلێکۆڵەرەوەی داد ی بوو، لەساڵی 1930 لەسلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی کۆلێژی پۆلیس بووە، لەبەغدا بەپلەی جێگری دووەم لەساڵی 1963هاتووەتە ناو ڕێزەکانی شۆڕش، ئەرکی لێپێچینەوەی لەگەڵ تۆمەتبارکراوان دەکرد، کارمەندێکی زۆر چالاك بووە، ئەرکی خۆی بەباشی جێبەجێ کردووە.

پێنجەم: تاهیر سالح فەتتاح داواکاری گشتی بووە، لەساڵی 1928 لەسلێمانی لەدایك بووە، ئەفسەری سوپا بووە بەپلەی جێگری یەکەم ئەفسەری یەک ئەستێرە لەساڵی 1963 هاتۆتە ناو ڕیزەکانی شۆڕشەوە.

شەشەم: دوو نووسەری پەڕاوبەست کاتب ضبط کەئەم دوو نووسەرەش یەکێکیان ناوی سەباح جەلال غەریب بووە، لەساڵی 1944 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی قۆناغی ئامادەیی بووە، لەساڵی 1963هاتۆتە ڕیزەکانی شۆڕش. ئەوەی دیکەشیان فەرهاد عەونی بوو کە دەرچووی کۆلێژی ئابووری و زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی بەغدا بووە.

حەوتەم: پێشمەرگەبەکر حاجی فەرەج ئەرکی پاراستنی دادگاو ئارامییەکەی پێسپێردرابوو، ناوبراو مرۆڤێکی ئازاو ڕێك و پێك بووە، کەسێکی ڕووخۆش بووە.(عەونی، ٢٠١٩)، چەندین کەسی دیکەش هەبوون لەوانە کەمال مستەفا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی...تاد. (دزەیی م., ٢٠٠١). ئەم دادگایە هەر لەکاتی دروست بوونییەوە ئەرکەکانی لەسەر بنەمای یاساو ڕێوشوێنە ڕەچاوکراوەکان بووە لەو یاساییانە، یاسای سزاکانی ئەلبەغدادی بوو. خەڵکانێکی زۆر گەواهیان بۆ بێلایەنی و پاکی و دادپەروەری ئەم دادگایە داوە، یەکێك لەوانەحامیدی قازی کە بەڕێوەبەری پارێزگای سلێمانی بوو گوتبووی ئەم دادگایە، کارەکانی خاوێن و بێلایەنن لەسەر ئەم قسەیە دەستگیر کرابوو، ئەم دادگایە لەکاتێکدا دامەزرا، کە کاربەدەستانی بەغداد بەهەموو جۆرە چەکێکی قورس و قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی هێرشی دەکردە سەرکوردستان، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق لە کارە ناوازەکان و هەنگاوە مەدەنی و دەوڵەتدارییەکانی شۆڕش دەترسا، شۆڕش هێشتا تەمەنی سێ ساڵی تەواو نەکردبوو، دادگایەکی دامەزراند کە دروشمەکەی لە(وأذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل) خودای گەورە دەفەرموێت: ئەگەر فەرمانڕەوایەتیان بەسەر خەڵکدا کرد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە حوکم بکەن .(عەونی، ٢٠١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕاگەیاندنی شۆڕش:**

یەکێك لەدەسکەوتە گرنگەکانی دیکەی شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیاندن بوو بەهەر دوو جۆری خوێندراو و بیستراو، هەنگاو بەهەنگاو بۆئەوەی لە ڕێگەیەوە هەم پەیامی شۆڕش بگەینێتە ناوەخۆ و دەرەوەی کوردستان هەم هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی بڵاوبکاتەوە لەناو جەماوەری کوردستاندا.

یەکەم / ڕۆژنامەی خەبات:

خەبات لە ڕۆژنامەیەکی دیاری شاری بەغدا کە خاوەن مۆڵەتی فەرمی بوو، چاپخانەیەکی گەورەی هەبوو ڕۆژانە نزیکەی 15000 پازدە هەزاردانەی لێ چاپدەکراو لە سەرتاسەری عێراق بڵاو دەکرایەوە، بەڵام دواتر بەهۆی داخستنی ڕۆژنامەکە لەلایەن حکومەتیعەبدو لکەریم قاسم پێی نایە قۆناغێکی نهێنی، لەهەمانکاتدا لەڕووی تەکنیکییەوە گەڕایەوە دواوە، بۆماوەی ساڵێک هیچ ژمارەیەکی لێدەرنەچوو، (وەسانی، ٢٠٢١)، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول پێویست بوو جارێکی دیکە خەبات بکەوێتەوە کار تاوەکو سەرکەوتنەکانی شۆڕش و پێشمەرگە بگەینێتە جەماوەری کوردستان و هانیان بدات بۆ بەردەوام بوونی خەبات و لە بەرانبەر دیکتاتۆریەت، بۆیە ڕۆژنامەی خەبات پاش داخستنی بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو بە ژمارە465 لەسەرەتایی نیسانی1962 لەهەولێر دەستی بەبڵاوکراوەکانی کردەوە کە لەلایەن چەند کادرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم ژمارەیان وەک یەکەمین ژمارەی نهێنی شۆڕشی ئەیلوول دەرکردووە و بەم ناوونیشانە کە دەڵێت:"" خەبات بۆ درێژەدان بەتێکۆشان دژی ئیمپریالیزم ودکتاتۆریەت لە ڕێی ڕزگاری و دیموکراسی و ئاشتی و لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد هاتۆتەوە مەیدان"". (ساڵح، ٢٠٠٧).

ڕۆژنامەی خەبات لەشوڕشی ئەیلوول بەسێ وێستگەدا تێپەریووە یەکەم وێستگە: لە28 ئاداری 1961 تاساڵی 1964دەست پێدەکات بە جیابوونەوەی باڵی مەکتەب سیاسی کۆتایی دێت کە (11 ژمارە لەو ماوەیە دەرچووە، وێستگەی دووەم: لەساڵی1964-1969 دەست بەبڵاوکردنەوەکانی دەکات لەناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان، وێستگەی کۆتایی ڕۆژنامەی خەبات لەسەردەمی شۆڕش لە نێوان ساڵانی 1974تا 1975، بەگشتی لەسەردەمی شۆڕش64ژمارە دەرچووە، ڕۆژنامەی خەبات لەناوچە ئازادکراوەکان بۆ چەند شوێنێک گواستراوەتەوە لە ساڵی 1962بارەگای ڕۆژنامەکە لەئەشکەوتە ڕەش ی چیای گردەڕەش لە ماوەت بووە تاساڵی1964بەشێوازێکی سادە هەر جارە لەشوێنێک لەشاخ بەچاپ دەگەیێندرا، پاشان گواستراوەتەوە گوندی سونێ، هەڵشۆ، شێنێ لەناوچەی پشدەر.(نەقشبەندی، ٢٠١٩)،

دواتر لەساڵی1965چاپخانەی ڕۆژنامەکە لەگوندی لێوژێی ناوچەی ناودەشت بووە، پاشان لەناوەڕاستی1966 گواستراوە تەوە گوندی سۆرەبان لەقەسرێ تاوەکو 1975هەر جارە و لە شوێنێک، دواشوێنی چاپخانەکە کە تێدا جێگیر کراوە دەستی بە بڵاوکراوەکانی کردووە بێخوڵان بووە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای( چۆمان[8]).

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول جگە لە ڕۆژنامەی خەبات چەندین بڵاوکراوەی دیکەیان وەشاند لەوانە گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە لەساڵی 1965،ڕۆژنامەی التاخی لەساڵی 1967دەرچووە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەندێ بڵاوکراوەی دیکە هەبوون لەوانە سەفین، مەشخەڵ گۆڤاری کاد. (ئاکرەیی, ١٩٩٨) )دوایین ڕۆژنامە کە دەرچووەدەنگی کوردستان بووە بە دیزاین و تەکنیکی بەرز بەچاپ گەێندراوە لە دوای ساڵی1970کاریگەری باشی هەبوو، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو داستان و نەبەردیانە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆماری دەکردن.(دەنگی پێشمەرگە, ٢٠٠٤)، لەئەنجامی خوێندنەوەی سەرچاوەکان دەکرێت بڵێن ڕۆژنامەی خەبات لە ماوەی کارکردنیدا هەوراز و نشێوی زۆری بینیووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکرنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و خەبات کردن بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوایی گەلی کوردستان.

دووەم: ئیزگەی دەنگی کوردستان:

سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بیروڕای جیاواز هەیە، بەشێک لەو بیروڕایانە پشت ئەستورن بەبەڵگە، بەشەکەی دیکەش لەڕوانگەی یاداشتە کەسییەکانەوە مێژووی دامەزراندنەکەیان دیاری کردووە بۆ ئەو مەبەستە جیاوازییەکان لە (سێ خاڵدا دەخەینە ڕوو:

یەکەم: هەندێک پێیان وایە مێژووی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە1963/8/20 دەست پێدەکات بەڵگەشیان بۆ ئەوە بریتیە لەژمارە470 لەڕۆژنامەی خەبات کە بابەتێکی بەناوونیشانی دەنگی کوردستان ـ في خدمة الشعب و الثورة تێدا بڵاو کردۆتەوە.(ساڵح، ٢٠٠٧).

---

[8] یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای هەولێر لە ڕووی کارگێرییەوە کەوتۆتە سەر ڕێگەی هاملتۆن، ئەم قەزایە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێر بە دووری 180کم، ڕۆژهەڵاتی قەزاکە هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە دووری 25کم کە سنوورێکی سیاسی دەسکردە، چۆمان لەساڵی 1961 ئاوەدان کراوە، لە ساڵی 1970 بۆتە قەزا لە ساڵی 2021 ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی( 30000 کەسە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم : ئەوانەن کە پشت ئەستورن بە لێدوانی ئەو کەسانەی کە لەسەرەتایی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ئامادەییان هەبووە لەناو شۆڕش کە پێیان وایە رادیۆی دەنگی کوردستان لە1963/9/28 دامەزراوە، بەڵام ئەو بیروڕایە لاوازە، چونکە ئەو کەسایەتیانە لە ڕاگەیاندنی شۆڕش کاریان نەکردووە، بەڵکو بەشدار بووی شۆڕش بوون. (دەنگی پێشمەرگە, ٢٠٠٤).

سێیەم : بۆچوونێکی دیکە پێی وایە 1963/9/29 ڕۆژی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانە ئەو بۆچوونەش پشت بە نووسینێکی ئەحمەد دەشتی دەبەستێت لە ژێر ناوی چاپەمەنییەکانی پارتی و ئێزگەی دەنگی کوردستان تا ئێستاش ئەو دەست نووسە پارێزراوە. (عوسمان، ٢٠١٣)، ئێمەش پێمان وایە بیروڕای یەکەم دروستە لەسەر ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە لە 20 ئابی1963دامەزراوە، چونکە پشت ئەستوورە بە بەڵگەی مێژووی کە لەڕۆژنامەی خەبات تۆمارکراوە بە ژمارە 470 کە تێدا باسی دەوری ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەکات بۆ خزمەت کردنی نەتەوەیی کورد و شۆڕش.
بە بۆنەی کردنەوەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان مستەفا بارزانی وتەیەکی پێشکەشکردوو تێدا داوایی لەبرایەتی کورد و عەرەب دەکات وەک بەردی بناغە بۆ سەربەخۆیی وڵات (خەبات, ١٩٦٣)، هەروەها لە1963/8/20_1964/2/10یەکەم بەڕێوەبەری ڕادیۆ حبیب محمد کریم بووە، دووەم بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەئایاری 196تا ئاداری1970ساڵح یوسفی بووە، لەڕاستیدا کارمەندانی ئەم ڕادیۆیە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول کۆسپ و تەگەرەی زۆریان دەهاتە پێش، بەڵام کۆڵیان نەداوە و بەردەوام بوون لەکارکردن، ئەم ڕادیۆیە بووە وەرچەرخانێکی گرنگ لە بواری ڕاگەیاندنی شۆڕش کەلەم کەناڵەوە شۆڕش توانی ورەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بەرزتر بکاتەوە (عوسمان، ٢٠١٣).
ئیزگەی دەنگی کوردستان لەساڵی1963_1964 لەماوەت بووە، بەڵام دوای درووست بوونی ناکۆکی لەنێوان باڵی مەکتەب سیاسی و مستەفا بارزانی ئێزگەکە لەلایەن باڵی مەکتەب سیاسی دەسوتێندرێت پاشان دەچنە ئێران، دواتر ڕادیۆ ساڵی1965لە گردی گۆڕی گاجووتان لەگوندی وەڵاش لەدەڤەری باڵەکاییەتی دەستی بە بەخشی خۆی کردەوە بەڕێوەبەرەکەی ساڵح یوسفی بوو، دوای دوومانگ گواستراییەوە ئەشکەوتی سەردێمان لە گوندی شیناوەی دەڤەری باڵەکاییەتی تا لە ئاداری 1966 بەهۆی بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی حکومەتی عێراق پەخشی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەوەستێت، پاشان ڕادیۆ دەچێتە ماوەت لە ناحیەی حاجی ئۆمەران، دواتریش دەچێتە گەلاڵە، دواتر بەخشی ڕادیۆ بەردەوام دەبێت لە بێخوڵان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان.(جاف س.، ٢٠٠٧)،

کارو چالاکی شۆڕش لەڕێگەی ئەم ئێستگەیەوە گەیشتە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەتایبەت دوای ئەوەی توانای پەخشەکەی فراوانتر کرا، ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە وەک خوێندراو، بیستراو، بینراو کاریگەری خۆیان هەیە بۆ کارو چالاکییەکان و هوشیار کردنەوەی خەڵك.(هێدی, ٢٠٠٨)، پشت بەستن بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان دەکرێت بڵێن بیروڕای یەکەم دروستترین بیروڕایە، چونکە ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانێکی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش بوو، ئاشکرایە کە ئۆڕگانی فەرمی شتی دروست بڵاودەکاتەوە.

**دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکوردستانی عێراق:**

بەهۆی بەرفراوانبوونی سنووری ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ڕاپەڕاندنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاونیشتمانیان، وایکرد کە مستەفا بارزانی بڕیار بدات بۆدامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. لەماوەی نێوان28_29ئەیلوولی1964کۆنفرانسێکی نیشتیمانی فراوان لەقەڵادزێ بەسترا، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل بۆ بەشداریکردن لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (محمد، ٢٠١٠)، دواتر لەڕۆژی1964/10/4لەکۆبوونەوەی گوندی(بۆسکێن [9]) سەربە شارۆچکەی ڕانیە لەبناری چیای قەندیل (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق دامەزرا، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان بارزانی بەسەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا (سنجاری، ٢٠١٣).

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە و دروست کردنی یەکەکارگێرییەکان سەلماندنی توانستی نەتەوەی کورد بوو، کە دەتوانێت خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات بەشێوەیەکی سەربەخۆ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە63کەسایەتی دیاری کوردستان پێکهاتبوو، لەوانە 17ئەندام لەو ئەنجومەنە ئەندامانی سەرکردایەتی، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، 17ئەندامی دیکەش سەرکردە سەربازییەکانی شۆڕش بوون،29 ئەندام کەسایەتی سیاسی و

[9] کەوتۆتە باکووری پارێزگای سلێمانی لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بە شارۆچکەی ڕانیەیە هەڵکەوتەی جوگرافی بۆسکێن لە باکوور چیای کێوەڕەش، لە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دوکان و لە ڕۆژئاوایی چیایی حاجیلەیە و لەبەشی باشووری شارۆچکەیی ڕانیەیە، خاکێکی بەپیتی هەیە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 6000 شەش هەزار کەسە و 1800ماڵە لە ئێستادا.

کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بوون، لەوانە میرتەحسین نوێنەری ئێزیدییەکان، باوکەخوری پۆلس بیداری وەک نوێنەری کلدان، لەئاشورییەکان مار یولاها ئەندوراس بوو، ئەو ئەنجومەنە شەست و سێ کەسییە ڕەنگدانەوەی تەواوی باشووری کوردستان بوو هەر لە زاخۆ تا خانەقین .(کریم، ١٩٩٨).

لەڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەی خەبات دا ڕێورەسمی کردنەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەن نیشاندانی ڕوخسارێکی نیشتمانی بەرزبووە، بارزانی وتارێکی داوە و باسی لە قارەمانیەتی و نەبەردییەکانی گەلی کورد لەشۆڕشی کوردستاندا کردووە، دواتر وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندراوەتەوە، تێیدا داوای لە ئەنجومەن کردووە لە خۆبووردوانە بۆ خزمەتی شۆڕش کار بکەن، هەر لەو ڕێورسممەدا تێکۆشەرێکی ڕۆژئاوای کوردستان وتارێکی بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا خوێندوتەوە کە دەقەکەی هەر لەو ژمارەیەدا خراوەتە ڕوو، وتاری لێژنەی بەرگری لەمافەکانی نەتەوەی کورد لەلایەن عیسمت شەریف وانلی خوێندراوەتەوە، پاشان کەمال فوئاد بەناوی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وتارێکی داوەو داوای یەکریزی کردووە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕش بێتەدی، لەکۆتاییدا قەشە خوری بیداری وتارێکی بەناوی برا مەسیحیەکان پێشکەشکردووە و بەلێنیداوە بە هەموو توانایانەوە لەپشتی شۆڕشدا بن (ساڵح، ٢٠٠٧).

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش باڵاترین دەسەڵاتی شۆڕش بوو، هاوشێوەی پەرلەمانی ئێستا بووە، ئەو ڕووداوە مێژووییە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی شۆڕشی کورد کە پێشتر داوای دامەزراندنی دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەراندنیان دەکرد، لەڕۆژی1964/10/9 ئەنجومەن ئەو یاسانەی دەریکردبوو لە کۆبوونەوەی گوندی بۆسکین پەسندی کرد و ئەمەی خوارەوەی تیادا باس کرابوو:"دەستەڵاتی شۆڕشی کورد بە هەموو فەرمانەکانی دەوڵەتی عێراق لەسنووری کوردستان هەڵدەستێت و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکوردستاندا جێگرەوەی شەرعی ئەو دەستەڵاتەیە، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد دەکات لەکاتی جەنگدا، ئەو ئەرك و فەرمانانە جێبەجێدەکات هەتا ئەو کاتەی گرنگترین داواکارییەکانی نەتەوەکەمان بەئەنجام دەگات کەبریتیە لەئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی"". پاشان پێنج لێژنە دروست کران لەوانە لێژنەی سەربازی، لێژنەی دارایی، لێژنەی کارگێڕی، لێژنەی دادگەری، لێژنەی دەستور، جگەلەوە کوردستان بەسەرپێنج لیوا دابەشکرا، هەر یەک لەلیواکانی هەولیر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک، خانەقین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، سەرەڕای ئەوە لەلایەنی بەڕێوەبردن ناوچە کوردییەکان ناونرا ویلایەتی کوردستان لەلایەن هەیئەتێکەوە بەڕێوە دەچوو بە ناوی ئەنجومەنی کارگێری باڵای ویلایەتی کوردستان کە پێکهاتبوون لەحەوت ئەندام هەر لیوایەک لە لایەن موتەسریفێک(پارێزگار ێک بەرێوەدەبرا لە هەر قەزایەکیش قائیمقام، لەهەر شارەدێیەك بەڕێوەبەری ناحیە بەڕێوەی دەبات. (محمد، ٢٠١٠)، دەستوری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ هەر قەزایەک بەرپرسی شارەوانی و بەرپرسی تەندروستی دانابوو، لەگەڵ بەرپرسی دارایی کە سەر بە قائیمقام بوو، ئەرکی بەرپرسی دارایی سەرپەرشتی کردنی گومرگەکان و ماڵ و سامانی دەست بەسەرداگیراو بوو، لەگەڵ زەوییەکانی میری و باج و یارمەتییەکان، هەرچی ناحیە بوو چەند بەشێکی هەبوو وەک بەرپرسی شارەوانی و بەرپرسی دارایی و برینپێچی، دستورەکە بە وردی کاروباری دارایی و گومرگەکان و ئابوونەی ڕێکخستبوو، هەنگاوی باشی لە بواری سەربازی تێدا هاتووە، لەیەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەڕۆژی1964/10/17 کارەکانیان تەواو کرد هەمان ڕۆژ مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی ڕاپەراندن هەڵبژێردرا، پێکهاتەی ئەنجومەنەکە 12 ئەندام بوو، پێنج ئەندام پارتی بوون، سێ ئەندام نوێنەری مەدەنی و عەشیرەتەکان بوون، سێ ئەندامی هێزە چەکدارەکان و یەک ئەندامیش وەک نوێنەری مەسیحییەکان دیاریکرابوو، ئەنجومەنی ڕاپەراندن وەک ئەنجومەنی وەزیران بووە، ئەرکی دەرکردنی یاسای پێویست بوو بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارە جیاجیاکانی کارگێری وسەربازی و دارایی و داد ، هەر ئەندامێك لەو ئەنجومەنە سەرۆکایەتی بەشێکی دەکرد، لەوانە بەشی دارایی، سەربازی، کاروباری دادگا ، کارگێڕی، تەندروستی، زانیارییەکان پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی، مستەفا قەرەداغی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سکرتێری ئەنجومەنی ڕاپەراندن بوو لەساڵی1964 تاوەکو تەمووزی 1965، پاشان(دکتۆر مەحمود عوسمان [10]) کرا بەسکرتێر (محمد، ٢٠١٠)هەر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی

[10] چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان علی سیاسەت مەداری کورد لە دایک بووی 1938 لەشارۆچکەی پێنجۆێن سەر بە پارێزگای سلێمانی چاوی بە دونیا هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتای لە نێوان بیارە و سلێمانی تەواوکردووە، جگە لە زمانی دایک زمانی (فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی تارادەیەکیش زمانی ئەڵمانی دەزانێت، لە هاوینی ساڵی 1955پەیوەندی بەریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کورد دەکات، لە ساڵی 1956 لە کاتی خوێندنی پزیشکی لە بەغدا دەبێتە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی 1961 کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و لەیەکەمەکانی زانکۆ بووە، لەساڵی 1965 دەبێتە سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی لە شۆڕشی ئەیلوول، دواتریش چەندین پلەو پۆستی دیکە وەردەگرێت، لە ساڵی 2005 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە لەسەر لیستی هاوپەیمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێبەجێکردن بەشێکیان بەڕێوەدەبرد و هەر چوار مانگ جارێک کۆدەبوونەوە بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوە لە ڕەوش و گوزەرانی هاونیشتمانیان و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ باشتر بەرێوەچوونی ناوچە ئازاد کراوەکان (دزەیی م.، ٢٠٠١)، بریارەکانی مەکتەبی تەنفیزی بۆ دامەزراندنی کارگێری ناوەخۆ چەندین بڕیار بە دامەزراندنی قائیمقام و بەرێوەبەری ناحیە لە شارباژێر و هەڵەبجە و زاخۆ و قەرەداغ دەرکراون(خەبات: 474، تشرینی دووەمی1964). لەڕاستیدا دامەزراندنی مەکتەبی تەنفیزی لەساڵی1964 جۆرێک لەحکومەتی خۆبەرێوەبەری بووە، لەبەر ئەوەی خاوەنی تەواوی دام و دەزگاکانی بەرێوەبردن بوو بەشێوازێکی رێک و پێک ئەوەش ئەزموونێکی گرینگ بوو بۆ کورد لە ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان (هەینی، ٢٠٢١). .

پشت بەستن بە خوێندەوەی سەرچاوەکان دەکرێت بڵێین سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە لایەنی کارگێری بەشێوازێکی سەردەمیانە هەنگاوی ناوە و چۆتە ناو وردەکارییەکان لە پێناو بەرێوەبردنێکی رێکوپێک.

## ئەنجام

ماوەی نێوان ساڵانی 1961ـ1970 لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد کە چەندین ڕووداوی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵاییەتی لە خۆدەگرێت، لێکۆڵینەوەکەمان لەلایەنی کارگێرییە ئەو ئەنجامانەمان لێهەڵێنجاوە:

1. شۆڕشی ئەیلوول وەک پێداویستیەکی مێژووی نەتەوەیی هاتۆتە ئاراوە بۆ داکۆکی کردن لەمافە ڕەواکانی نەتەوەیەک، جگەلەوە دەرباز بوون لەژێر زوڵم و ستەمی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق.
2. شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی گەورەی جەماوەری بوو لەڕووبەرێکی فراوانی جوگرافی کە سنوورەکەی هەر لە زاخۆ تاوەکو خانەقین بوو.
3. شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی ئەو پێکهاتە و رێکخستنە جۆراوجۆرەی تێیدا بوو، بووە بنەمایەکی گرینگ بۆ قوڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد.

کوردستانی تاوەکو (2014/6/15 ئەم دیمانەیە لە(2020/10/20 کاژێر چواری ئێوارە، ناوبراو لە ئێستادا دانیشتووی هەولێرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. شۆڕش چەتری کۆکردنەوەی سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکانییەکانی کوردستان بوو، ئەوەش لە ناو دامودەزگانی شۆڕش ڕەنگی دابووییەوە.
5. شۆڕشی ئەیلوول وەک پێداویستی بارودۆخی کوردستان دام و دەزگایەکی پێویستی بۆ ڕایکردنی کاروباری ڕۆژانەی ناوچە ئازادکراوەکان دامەزراند، ئەوەش بووە وەرچەرخانێک بە ئاراستەی بەرەو پێشچوون و ڕووچوون بۆ قوڵایی کوردستان و بازدان بەسەر بۆچوونی ناوچەگەری و گۆڕینی بۆ ناوەڕۆکی کوردستانی.

## سەرچاوەکان

باداوەیی, ح). ٢٠٢٠. *یاداشەکانی پێشمەرگەیەک*. هەولێر: چاپخانەی رۆکسانا.

(برایەتی). ١٩٩٣. زنجیرە وتارێك یادی ساڵرۆژی سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد ئەیلوولیەکان بۆ یادی ئەیلوولی مەزن. *رۆژمانەی خەبات*.

(بەگ, ک). ٢٠٢١. *شانێک بە بن باری نیشتمانەوە ژینواری عزەت سلیمان بەگ دەرگەڵەیی*. سۆران: چاپخانەی ئەحمەدی خانی.

(پشدەری, ع). ١٩٩٧. *شۆڕشی ئەیلوول ساڵی 1971 دژی ڕژێمی قاسم*. هەولێر.

(پێشمەرگە, گ). ٢٠٢١. ئەو پیاوەی بێ تەل و کۆدە نهێنیەکانی بۆ شۆرشی مەزنی ئەیلول دانا. *گۆڤاری ڕۆژی پێشمەرگە*.

(جاف, س). ٢٠٠٧. *شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەیلول و هەیبەتی ئەسعەد خۆشەوی*. هەولێر: چاپخانەی منارە.

(جاف, و). ٢٠٠٢. *مێژووی دەنگی کوردستان -عێراق*. هەولێر.

(جگەرسۆز, م). ٢٠٢٠. *ژیان و خەباتی شەهیدی فەرماندە عبدالرحیم جەسیم*. هەولێر.

(جەلال, ا). ٢٠٢١. *خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بونیادنان و هەڵتەکاندن 1971 -1975*. سلیمانی: چاپخانەی ژیار.

(حەسەن, ش). ٢٠٢١, ١ ١٧. یەکەمین جفرە سازی شۆڕشی ئەیلوول). ش. م. اسماعیلInterviewer ,

(خۆشناو, د). ٢٠١٦. *هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ -١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی بارودۆخی سیاسی*. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

(خەبات). ١٩٦٣. دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان. *رۆژنامەی خەبات*.

(دزەیی, م). ٢٠٠١. *احداث عاصرتها, الجزء الثانی 1971-1975*. اربیل.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(دزەیی ,ه) .٢٠٢١ .*لە دوو گردەکانەوە بۆ بنی دونیا* .بێ شوێن.

(دۆڵەمەری ,ح) .٢٠٢١ .*گەڕان بە دوای دادپەروەریدا* .هەولێر.

(دەنگی پێشمەرگە ,گ) .٢٠٠٤ .ئێزگەی دەنگی کوردستان .*گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە*.

(ڕدێنی ,ح) .٢٠٠٨ .*داستانی پیرەمەگرون -سورداش ل ساڵا ١٩٦٩* .هەولێر :چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

(ڕدێنی ,ح) .٢٠١١ .*داستانا گەلێن زاخۆ ل نیسانا ١٩٦٢* .دهۆک :چاپخانەی زانا.

(ڕدێنی ,ح) .٢٠١٦ .*دەستپێکا شۆڕشا ئەیلولێ لە دەڤەرا بەهدینان ١٩٦١ -١٩٦٣* .دهۆک :چاپخانەی خانی.

(ڕەحمان ,ق) .٢٠١٠ .شەڕی پارتیزانی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا .*گۆڤاری مێژوو*.

(ڕەزا ,ش .ک) .٢٠١٣ .بیرەوەری لە ڕوانگەی مێژووەوە .*گۆڤاری سلیمانی* .

(زەنگەنە) .٢٠٢١ ,١١ ٦ .کادری ناوچەی یەکی کەرکوک) .م .زەنگەنە Interviewer ,

(ساڵح ,د) .٢٠٠٧ .*کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لە سەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی لە باشوری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٥* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆشنبیری.

(سنجاری ,ع) .٢٠١٣ .*حقبقة مسیرة ثورة ١١ أیلول ١٩٦١* .دهوک :مطبعة خانی.

(سەرنی ,ه) .٢٠١٨ .*شۆڕشا ئەیلونێ ل دەڤەرا بەهدینان ١٩٦١ -١٩٧٥ ڤەکۆڵینەکا مێژوویی* .زاخۆ :سەنتەری زاخۆ.

(سەید کاکە ,س) .٢٠١٢ .*بیرەوەری پێشمەرگەیەک* .هەولێر :چاپخانەی شەهاب.

(شێرە ,خ) .٢٠١٥ .*خەبات و خوێن بیرەوەریەکانی ساڵانی پێشمەرگایەتی* .هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم.

(شەریف ,ه) .٢٠١٢ .*شۆڕشی ئەیلول لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی لە ڕێکخستن و چالاکە سەربازیەکان ١٩٦١ -١٩٧٠ .* هەولێر :چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

(عوسمان ,س) .٢٠١٣ .*دەنگی کوردستان نیو سەدە پەخش* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆشنبیری.

(عەونی ,ف) .٢٠١٩ .*لەگەڵ ڕووداوەکان* .هەولێر :چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

(فندی ,ع) .١٩٩٥ .*فصول من ثورة ایلول فی کردستان العراق* .دهوک :مطبعة کلیة الشریعة.

(کریم ,ح) .١٩٩٨ .*تأریخ الحزب الدیموقراطی الکوردستانی-العراق)فی محطات الرئیسیة ١٩٤٦-١٩٩٣* .دهوک.

(کۆچێرا ,ک) .٢٠٠٣ .*کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا -و /حمە کریم عارف* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

(گوێزڵێنگەیی ,م) .٢٠٢٠ .*زیاتر لە نیو سەدە خەبات و تێکۆشان بۆ کوردستان* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆکسانا.

(گۆمەشینی ,ع) .٢٠٠٣ .*پوختەیەک لە بیرەوەریەکانم* .سلیمانی :چاپخانەی قانی.

(لەک ,د) .٢٠١٩ .*شرۆڤەی ڕوداوە مێژوویەکان چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نەتەوەیەک* .هەولێر :چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

(مام جەلال ,م) .٢٠١٩ .*مام جەلال دیداری تەمەن لە لاویەتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری* .سلێمانی :ناوەندی ڕۆشنبیری سلێمانی.

(محمد, ش). ٢٠١٠. *مجلس قيادة الثورة في كردستان -العراق ١٩٧٤ -١٩٧٥*. دهوك :مطبعة جامعة دهوك.

مسعود بارزانی. (٢٠٢٠ . *بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد ١٩٧١ -١٩٧٥*. هەولێر.

(مەلا سلێمان, ع). ٢٠٠٦. *یادەوەریەکانی عزالدین ملا سلێمان*. سلێمانی.

(مەلازادە, ع). ٢٠٢٠. *شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلولی مەزن ١٩٦٥ -١٩٧٥*. هەولێر.

(نەقشبەندی, ش). ٢٠١٩. *خەبات تۆماری خەباتی نەتەوەیەک ١٩٥٩-٢٠١٩*. هەولێر :چاپخانەی رۆژهەڵات.

(هێدی, خ). ٢٠٠٨. لە باڵەکایەتی ئێزگە پەخش دەکراو لە چاپخانە رۆژنامەی خەبات و دەنگی پێشمەرگە دەردەچوو. *گۆڤاری باڵەک*.

(هەینی, ش). ٢٠٢١. *جەمال عەلەمدار یەکەمین هەولێری لە سوید بیرەوەریەکانی خۆی دەنوسێتەوە*. ستۆکهۆڵم.

(وەسانی, د). ٢٠٢١. *خەبات بەردەوامە پوختەیەک دەربارەی رۆژنامەی خەبات ١٩٥٩-٢٠١٩*. هەولێر.

(ئاکرەیی, ج). ١٩٩٨. جوگرافیای دابەشبونی سوپای کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا. *گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە*.

## The Administrative Felds of The Aylul Revolution Between (1961-1970)

**Dr. Azad Ubed Salh**
Department of History, College of Literatures, Salahaddinn University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Azad-ubed@yahoo.com

**Ali Rasu Omer**
Department of History, College of Literatures, Salahaddinn University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Honorhonor747@gmail.com

***Keywords:*** *South, Kurdistan, Revolution, September, Released*

## Abstract

The Aylul revolution between 1970/1961 in the modern history of Kurds is considered as one of the most important historical events for striving against achieving national rights which included a wide geographical area from Zakho to Khanaqin. In fact, Aylul revolution was not only an armed revolution, but also was movement of defacto governments in southern Kurdistan, because the revolution in the liberated areas of

southern Kurdistan, apart from the headquarters of the Peshmerga forces, other institutions such as courts, schools, hospitals, newspapersandradi.Etc.
have played a significant role in solving problems, spreading awareness and conveying the message of revolution inside and outside the country, which was a good response to say that kurds can govern themselves as a living nation. Our study consists of two axes: the first axis is the administrative boundary of the liberated areas of southern Kurdistan, and the second axis is how to manage the liberated areas.

## الجانب الاداری الثورة ايلول ما بين ١٩٦١ – ١٩٧٠

**ملخص**

تعتبر ثورة سبتمبر بين عامي 1961-1970 في التاريخ الكردي الحديث من أهم الأحداث التاريخية في النضال من أجل الحقوق الوطنية، والتي شملت طيفا جغرافيا واسعا من زاخو إلى خانقين. في الواقع، لم تكن ثورة سبتمبر ثورة مسلحة فحسب، بل كانت أيضا حركة حكم ذاتي في جنوب كردستان، لأن الثورة في المناطق المحررة من جنوب كردستان، باستثناء مقر قوات البيشمركة والصحف والإذاعة، وغيرها من المؤسسات مثل المحاكم والمدارس والمستشفيات،...إلخ، الذين لعبوا دورا مهما في حل المشاكل ونشر الوعي ونقل رسالة الثورة في الداخل والخارج، كان ردا جيدا على القول بأن الأكراد، كأمة حية، يمكنهم أن يحكموا أنفسهم. تتكون دراستنا من محورين: المحور الأول هو الحدود الإدارية للمناطق المحررة في جنوب كردستان، والمحور الثاني هو كيفية إدارة المناطق المحررة.